# کاندیدەکانی دیموکراتیخوازەکان بووش تۆمەتبار دەکەن

وەرگێرانی : ڕۆژی گەل



هەر هەشت کاندیدەکەی دیموکراتیخوازەکان کە بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨ ی سەرۆکایەتی ئەمریکا کێبەرکێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن بۆ یەکەمین جار لە مێزگەردێکی تەلەفزیۆنیدا کۆبوونەوەو هێرشەکانی خۆیان بۆسەر جۆج بووش سەرکۆماری وڵاتەکەیان چڕ کردەوە.

کاندیدەکان دووپاتیان کردەوە کە فراکسیۆنی هەردوو پارتی کۆماریخواز و دیموکراتیخواز لەسەر دیاریکردنی خشتەی کێشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق ڕێککەوتوون و نابێ مافی ڤیتۆ بەکار بهێنرێ.

هیلاری کلینتن نوێنەری هەرێمی نیۆریۆرک لە ئەنجوومەنی پیراندا گوتی: ئەگەر ئەم سەرۆکە ئێمە لە عێراق نەهێنێتە دەرێ ، من ببمە سەرۆک ئەو کارە دەکەم.

باراک ئوباما، ئەندامی سەنا گوتی: ئێمە تەنیا یەک ئیمزا دووریمان لەگەڵ کۆتایی ئەم شەڕەدا هەیە.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە جۆرج دەبلو بووش، سەرۆکی ئەمریکا گوتویەتی هەفتەی داهاتوو کاتێ پێشنیارەکە دەگاتە بەردەستی مافی ڤیتۆ بەکار دەهێنێ و نەخشەی کشانەوەی هێزەکانی دیاری ناکات و ئامادەش نابێ کە بودجەی هێزەکان بە کشانەوەیان گرێ بدرێ .

یەکەمین مێزگەردی نێوەخۆی کاندیدەکانی پارتی دیموکراتیخوازی ئەمریکا لە هەرێمی کارۆلینای باشوور بەڕێوەچوو، هیچ لە کاندیدەکان بە شێوەیەکی ڕەق لەگەڵ یەکتردا نەدوان و هەستی یەکتریان بریندار نەکرد، ئەمەش یەکەمین نموونەیە و مایەی خۆشحاڵی بەڕێوەبەری بەرنامەکە بوو.

لە درێژەی بەرنامەکەدا هەشت کاندیدەکە رامانی خۆیان سەبارەت بە داهاتوو، بە تایبەتی سەبارەت بە شەڕی عێراق و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق خستە ڕوو. لەم بارەیەوە هیلاری کلنتن گوتی: ئێمە چانسی ئازادی و فەرمانڕەواییمان بە خەڵکی عێراق داوە، ئیدی پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە ئایا دەتوانن سوود لە دەرفەت وەربگرن یان نا !

باراک ئوباما گوتی: خەڵکی ئەمریکا، کۆماریخواز یان دیموکراتیخواز گوتویانە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کۆتایی بەم شەڕە بهێنین، دەبێ کۆتایی پێبهێنرێ .

هەندێ لە کاندیدەکانی دیکە بەهۆی ئەوەی هیلاری کلنتن ساڵی ٢٠٠٢ دەنگی ئەرێی بە شەڕی عێراق دابوو ڕەخنەیان لێگرت و بەوە تۆمەتباریان کرد کە لە خوێندنەوەی هاوکێشە سیاسیەکاندا کورت بینە .

هەرچەندە کاندیدەکانی دیموکراتیخوازەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێ پێشناری کشاوەنەوەی هێزەکان ببێ بە یاسا، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە جۆرج بووش، سەرکۆماری ئەمریکا مافی ڤیتۆ بەکاردەهێنێ و ناهێڵێ ببێ بە یاسا، چونکە بەیاسابوونی ئەو پێشنیارە سیاسەتەکانی بووش و کۆماریخوازەکان لەگەڵ شکست و هەرەس ڕووبەڕوو دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە تا ئیستا بووش باوەڕی بە زیادکردنی هێزەکانیان لەعێراق هەیەو بەمەرجی گێڕانەوەی ئاسایشی عێراقی دەزانێ، دیڤید پاتریۆس فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە پێوەندی باوەڕی جۆرج بووشدا گوتویەتی کەمکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق توندوتیژی زیاتر دەکات و ئاسایش و ئارامی بەرەو خراپتر دەبات .

ئەوەی شیاوی باسە ئەنجوومەنی پیران بە ٥١ دەنگی ئەرێ و ٤٦ دەنگی نەرێ ئەوە پێشنیارەیان پەسند کردووە کە ١٠٠ ملیار دۆلار بودجەی تازە بۆ سەرفیاتی شەڕ بەمەرجی دیاریکردنی خشتەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دابین بکرێ .

دوای ئەوەی بووش نارەزایی خۆی سەبارەت بەو پێشنیارەکە پێشانداوەو ڕایگەیاندووە ئەگەر بگاتە بەردەستی مافی ڤیتۆ بەکار دەهێنێ، هاری رید ڕێبەری زۆرینەی دیموکراتیخوازەکان لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا گوتی : ئەگەر سەرکۆمار لە گۆڕینی ڕەوتی هەنوکەی خۆی بەدوور بگرێ، ئەمریکا ترسی لەداو کەوتنی لەعێراق هەیە کە بەساڵان نەک بە مانگان پێیەوە گرفتار دەبێ .

ئەوەی شیاوی باسە کاندیدەکان دووپاتیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەمە یەکەمین جارە بتوانرێ دەنگی زۆرینە دژ بە شەڕی عێراق کۆبکرێتەوە و بۆ جۆرج بووش ڕەوانە بکرێ . لەوانەیە پێشنیارەکە ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو هاوکات لەگەڵ چوارەمین ساڵیادی سەرکەوتنی شەڕ لە دژی تیرۆریزم کە جۆرج بووش بانگەشەی بۆ دەکات، بە دەستی سەرکۆمار بگات . هەر لەوپێوەندیەدا جۆرج بووش دیاریکردنی خشتەی کێشانەوەی هێزەکانی بە کەلەپچەکردنی دەستی ژەنەراڵەکان وەسف کردووە.

مێزگەردەکە ٩٠ خولەکی خایاند، لەنێوان دەنیس کۆسینیچ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران، مایک گراول جۆن ئەدواردز ئەندامی پێشووی سەنا، بیل ریچاردسۆن فەرمانداری نیوومەکزیکۆ، سەناتۆر کریستۆفەر داد، جۆزیف بایدن، هیلاری کلنتن و باراک ئوباما بەڕێوەچوو.

هەموو کاندیدەکان هەر لە ئێستاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە تا سەرنجی خەڵک بەلای خۆیان رابکێشن و سەرکەوتن مسۆگەر بکەن، هەڵبەت تەنیا یەکێک لەو کاندیدانەی دیموکراتیخوازەکان

# بەگومانی تیرۆریست بوون، سعودیە ١٧٢ کەس دەسگیر دەکات






ڕۆژی هەینی رابردوو هێزەکانی ئاسایشی وڵاتی عەرەبستانی سعودی ١٧٢ کەسیان بەتۆمەتی تیرۆریست بوون وپلاندانان بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دەستگیر کرد. بەگوێرەی هەواڵەکان ئەو گروپە خۆیان ئامادەکردبوو لە نێوخۆی سعودیە و وڵاتانی دیکەدا بەرژەوەندەکانی ئەمریکا بکەنە ئامانج و زیانیان پێبگەیەنن. هەندێک لەوان ڕاهێنان و مەشقیان لەسەر فڕۆکەوانیدا کردبوو، واتە تەواو بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی بارهێنرابوون.

هەواڵەکان دووپات لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە پەناگەی ئەوگروپەدا دەیان بەڵگەنامە، هۆیەکانی پەیوەندی پێوەکردن ، چەک و تەقەمەنی و بە ملیۆنان ریالی سعودی کە زبە زیاتر لە پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمریکی مەزەندە دەکرێ، دەستیان بەسەردا گیراوە. زانیاریەکانی پۆلیسی سعودیە وا رادەگەیەنێ کە ئەو گروپە بەمەبەستی گەیاندنی زۆرترین زیان لەهەوڵی ئەوە دابوونە هێرشی ئەلکترۆنی دەست پێبکەن .

ئەمە یەکەمین جار نیە کە کەسانی تیرۆریست لە وڵاتی سعودیە دەستگیر دەکرێن و تۆمەتی ئەوەیان دەدرێتە پاڵ کە لەهەوڵی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی دابوونە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە زۆربەی ئەوانەی لە عێراق و وڵاتانی دیکەدا کردەوەی خۆ کوژی ئەنجام دەدەن خەڵکی سعودین، کەواتە سعودیە بۆ خۆی لانکی تیرۆریست و تیرۆرپەروەرانەو ناکرێ چاوەڕوانی هەواڵی لەو بابەتەی لێنەکرێ، پرسیارەکە لێرەدا سەر هەڵدەدات: ئایا حکومەتی سعودیەو ڕێکخراوە مەزهەبیەکان و دەوڵەمەندانی ئەو وڵاتە دەستیان لە بارهێنانی دیاردەی تیرۆریستی نیە؟! بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە زۆر راشکاوانە دەڵێین: حکومەتی سعودیە دەیان ساڵە بەبیانۆی ئەوەی هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام دەدات و ڕێچکەی وەهابی بە جیهانی ئیسلامی دەناسێنێ گروپ و تاقمی جۆراوجۆر پەروەردە دەکات ، پارەو پوولیان بۆ هەڵدەڕێژێ و ڕەوانەی وڵاتانیان دەکات کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دانانی گەرای ئەو پەتایەیە کە ئەمڕۆ بە دیاردەی تیرۆر دەناسرێ و جیهانیانی وەزاڵە هێناوە.

پیاوانی ئایینی و موفتیەکانی سعودیە ڕۆژانە لە ڕێگەی راگەیاندنەکانەوە فتوای جیهاد دەدەن و سەرتاپای فەرمانڕەواو لایەنە سیاسیەکان و ڕێکخراوە خێرخوازیەکانی دیکە بە گومڕاو لەدین دەرچوو دەناسێنن، بەمەش هزرو بیرۆکەی تۆڵەکردنەوە لە دەروونی هەزاران لاوو گەنجی موسڵمان دەچێنن.

بۆ ئەوەی پەتای تیرۆر لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دوور بخەینەوە دەبێ لێبڕاوانە بزاڤی رووناکبیری گەشتر بکەین. لە فێرگە و راگەیاندنەکاندا زیان و ئاکامە خراپەکانی روون بکرێنەوە، مێزگەرد و دانوستاندنی سەردەمانە بەڕێوەبچن. لەهەمووش گرنگتر ئەوەیە کە حکومەتەکان دووری نێوان خۆیان و جەماوەر کورت بکەنەوە، فەرمانڕەوایان دیواری نێوان خۆیان و خەڵک بڕوخێنن و دەلیڤەی ئەوە بۆ هەمووان برەخسێندرێ کە راشکاوانە دەگەڵ یەکدیدا دانوستان بکەن .

## لە ساڵیادی ئەنفالکردندا

# دەیانەوێ کەرکوک تەعریب بکرێتەوە

هاشم عەبدوڵڵا محێدین

ڕۆژی ١٢-٤-٢٠٠٧ کۆمەڵێک کەس بۆ ئەوەی ڕەوشی کەرکوک وەکو خۆی بمێنێتەوەو ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عێراق هەڵبوەشێتەوە، کەمپینێکیان لە ژێر ناوی ( هەڵمەت لە پێناوی مرۆڤایەتی شاری کەرکوک و بریاردانی چارەنووسی بە شێوەیەکی شارستانی) دەست پێکردووەو لە ماڵپەڕی گفتوگۆی مۆدێرن ( الحوار المتمدن) دا بانگەشەی بۆ دەکەن، لە کەمپینەکەدا هاتووە :

١- لە پەنای بەعەرەبکردنەوە داوای دەرکردنی کەسانێک دەکرێ کە هاوتوونەتە شارەکە ، بەڵام ڕاستیەکەی زۆرینەی ئەوانە لە بەر هەژاری روویان لە شارەکە کردووە بەمەبەستی وەرگرتنی ئەو پارەو پارچە زەویە هاندرابوون!!

٢- کەرکوک شاری هەمووانە ، نابێ هانی کەس بدرێ تا شارەکە جێبهێڵێ!!

٣- ئاکامی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کارەساتاوی دەبێ ، شەڕی نەتەوەیی ڕوو دەدات !!

٤- دووپات دەکەینەوە کە دەبێ هاوکاری پێویست بەو عەرەبانە بکرێ کە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ترسان شارەکەیان جێ هێشتووە !!

هەر کەسێک خواستەکانی ئەم کەمپینە بخوێنێتەوە دەزانێ کە دارێژەرانی بەرنامەی کەمپینەکە و بەڕێوەبەرانی دەیانەوێ سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس بە دیفاکتۆ بکرێن، هەوڵدەدەن بە عەرەبکردنی شارەکە جێگەی خۆی بگرێ ، گەرەکیانە ئەو ستەمە درێژە پێبدرێتەوە کە بەدرێژایی ٨٥ ساڵی رابردوو فەرمانڕەوایانی بەغداد دژ بە گەلی کوردستان بەڕێوەیان بردووە .

تا ئێستا نزیکەی سێ سەد وحەفتا ناوی ڕاستی و خەیاڵی پشتیوانی خۆیان بۆ کەمپینەکە راگەیاندووە کە زۆربەیان ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ، عەرەبی توندڕۆ، کەسانی خۆ بە کۆمۆنیست زانن و واژۆی خۆیان لەسەر داناوە، بەڵام سەیر لەوەدایە هەندێک کوردستانی بە ئاگاییەوە یان لە بێ ئاگاییەوە ئیمزای کەمپینەکەیان کردووە، بەڵام ئەو وتانەی نووسیوویانە دژایەتی ئاشکرای کەمپینەکە دەکات، بۆ نموونە کەسێک بە ناوی کەمال سەید قادر لە بەریتانیاوە ئیمزای کردووەو نووسیوویەتی " بە عەرەبکردنی شاری کەرکوک و راگوێزانی مەسیحی و کوردو تورکمان بەشێک بووە لە سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی لە چوارچێوەی شاڵاوی لەناوبردنی بەکۆمەڵەکانی نا عەرەب بووە ، بەتایبەتی کورد لەو شارە کوردستانیەدا ، بۆیە دەوڵەتی عێراق بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و دەستووری عێراق پێبەندە کە شوێنەواری ئەو تاوانە دڕندانەیە بسڕێتەوە و دانیشتووانە ڕەسەنەکەی بگێڕێتەوەو قەرەبووی ئەو زیانانەیان بۆ بکاتەوە هەروەک ئەڵمانیا قەرەبووی جوولەکەکانی کردەوە، پێویستە لەسەر حکومەتی عێراق داوای بووردن لە زیان لێکەوتوان بکات "

ڕاستیەکەی بۆچوونی کەمال سەید قادر پێچەوانەی خواستی کەمپینەکەیە، جا نازانرێ چۆن بەڕێوەبەرانی کەمپینەکە ناوی ئەویشیان لە لیستی ئەو کەسانە داناوە کە پشتگیری لە کەمپینەکەدا دەکەن؟!

قەرەمات لەوەدایە هەندێک کەس ئیمزای خۆیان لەسەر کەمپینەکە داناوە کە رووکەشانە داکۆکی لە مافی بەشخوراوان، ستەمدیدە و زۆرلێکراوان دەکەن، هەندێک لەوانە کوردن و دانیشتووی شارەکانی هەرێمی کوردستان یان وڵاتانی ئەوروپان!!

من سەد لەسەد پشتیوانی لە رای ئازاد دەکەم و هەرگیز دژایەتیان ناکەم، ڕەخنەش لەو عەرەبە توندڕۆیانە ناگرم کە دەیانەوێ شاری کەرکوک بە تەعریبکراوی بمێنێتەوەو نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، بەڵام ناتوانم ڕەخنە لە رامانی ئەو کوردانە نەگرم کە خۆیان ئاگایان لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی بەعس هەبوو، لەوانەیە خۆشیان ئازاریان چەشتبێ و زیانیان لێکەوتبێ بەڵام ئیمزای کەمپینێک دەکەن کە سەر تاپای پشتیوانیکردنە لە سیاسەتی ئەو ڕژێمەی کە زیانی پێیان گەیاندوون! پشتیوانیکردنە لە سیاسەتی ڕژێمێک کە سەرتاپای لە ڕەگەزپەرستی و دڕندەیی و دیکتاتۆری و کوشتاردا نغرۆ ببوو.

هەر بەهۆی ئەو کەمپینەوە هەندێ کەس داخی دڵی خۆیان بە چەپ و کۆمۆنیستەکان دارشتووەو پێیانوایە کە بزاڤی یەکسانیخوازی دژایەتی مافی نەتەوە بندەستەکان دەکات، ڕاستیەکەی هەر جوڵانەوە و پارت و ڕێکخراوێک ئەگەر ئامانجی یەکسانیخوازی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چەپایەتی بێت هەرگیز دژایەتی مافی گەل و نەتەوە ژێردەست و داگیرکراوەکان ناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ پشتیوانیان لێدەکات ، پشتیوانیکردنی هەندێ کەس و لایەنی خۆ بە کۆمۆنیست زان واتای ئەوە نیە کە رەنگ لە خواست و ئامانجی بزاڤە چەپ و کۆمۆنیستەکان دەدەنەوە، یان پەلێکی ئەو بزاڤە پێکبهێنن، بەڵکو ئەوانە لە پەنای ئەو بزاڤەوە خۆیان شاردۆتەوەو تۆزقاڵێک باوەڕیان بە ئایدۆلۆژیای یەکسانیخوازی و مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازیەوە نیە ، هەرگیز باوەڕیان بە مافی گەلانی زۆرلێکراوو بندەست نیە، بەڵکو کەسان و لایەنێکی دەمارگیر و ڕەگەزپەرستی نەتەوەیین و سیمای خۆیان ئارایش و ڕتویش کردووەو دەیانەوێ فێڵ و چەواشەکاری بەرانبەر گەلان و نەتەوەکان و رای گشتی جیهانی درێژە پێبدەن .

پشتیوانی کردنی کەسان و ڕێکخراوی خۆ بە کۆمەنیستزان لەو کەمپینەی گفتوگۆی مۆدێرن دا دەمامک لە ڕوویان هەڵدەماڵێ و ناسنامەی خۆیان کە دەرماگیری و ڕەگەزپەرستی بوونە پێدەداتەوە. لەوانەیە بەهۆی ئەم کەمپینەوە هەندێ پارەو پوول لە گروپە توندڕۆکان وەدەست بێنن، یان لەوانەیە دەوڵەتە عەرەبیە دەمارگیرەکانی وەکو سعودیە هاوکاریان بکەن و کۆمەکیان پێبکەن، بەڵام هەرگیز کەمپینەکەیان سەرکەوتوو نابێ ، ناکام دەمێننەوە ، جگە لە ڕیسوایی و شەرمەزاری هیچی دیکەیان وەگیر ناکەوێ .